# ڕۆشنبیر لەبەردەم هەڕەشەی دەزگاکاندا

فایەق سەعید
faiekk@hotmail.com

ڕۆشنبیر نیعمەتێکەو دەبێ دەسەلأت سەربەرز بێت بەوەی ژمارەیەکی زۆری لێیان هەیە. ڕۆشنبیر ئەو کائینەیە کەعەیبەکانی دەسەلأت بینا دەکاتەوەو دیوارەکانی پشت ئەستور دەکات و بەرەو دنیایەکی مۆدێرنی دەبات. هەر میللەتێک قەیرانی ڕۆشنبیری تێدا هەبێت دەسەلأت خەڵک بەراست و بەچەپدا دەبات و تەنها یەک دیوی مەسەلەکانیان پێ پیشان دەدان بەبێ ئەوەی بتوانن قسە بکەن، بەبێ ئەوەی بۆیان هەبێ خەونی ڕاستەقینە ببینن. ڕۆشنبیر ئەو زاتەیە کەدەسەلأت وریا دەکاتەوە لەگەندەڵی، نێربازی، زەوتکردنی مافەکانی ئافرەت و تێکشکانی بەهاکانی مرۆڤی کورد ... هتد.

ڕۆشنبیر لەسەر چەندین ئاست جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ دەسەلأتدا هەیە: ڕۆشنبیر چاوێکی چەند ڕەهەندی هەیە کەدەتوانێ لەهەمان کاتدا چەندین گرفت و لەهەر گرفتێکدا چەندین لایەن ببینێ. ڕۆشنبیر چاوێکی تیژی هەیە کەبەدرێژایی مێژو دەسەلأت پێی خۆش نەبووە هەڵبێت. دەسەلأت هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە مەعریفەش لەدەستی خۆیدا کۆبکاتەوەو ئاراستەیان بکات، بۆیە شەڕی ڕۆشنبیرو دەسەلأت تاوەکو ئەمڕۆش لەسەرتاپای جیهاندا درێژەی هەیە.

ڕۆشنبیر بەرپرسیار نیە لەهەڵەو خەوشەکانی دەسەلأت، بەلأم بەرپرسیارە لەدەسنیشانکردنی ئەو هەلأنە. شتێکی سەیریش نیە کەدەسەلأتی کوردی خەوشەکانی زۆرترن لەدروستیەکانی و هەر کاتێکیش ڕۆشنبیرێک هەولّی دەسنیشانکردنی ئەو هەلأنە دەدات ئەوە بەهەموو شێوەیەک بەربەرەکانی دەکرێ و پەراوێز دەکرێ.

زۆر جاریش ڕۆشنبیرلەلایەن توێژە تەقلیدییەکانی کۆمەلگاوە بەر هێرش دەکەون و لەسایەی ئەم کەشوهەوائیسلامیەی ئێستادا مەلا کوردەکانیش بەسود وەرگرتن لەریتمی ئاینی هەندێ ناوچەکانی تری دەرەوەی کوردستان هێرشی خۆیان بەرپا دەکەن و بەزمانێکی دینییانەی تەمەن 1500 ساڵە فەتوای بەردەبارانکردن لەدژی ڕۆشنبیرو نووسەرانی ئێمە دەردەکەن. ئەوەی منی نیگەران کردووە ئەوەیە کەدەسەلأت تەسلیمی ئەو توێژە بووە و پشتی دواکەوتووترین کەسانێک دەگرێ کەبەربەستن لەبەردەم کۆمەلگای مەدەنیدا. نەک هەر ئەوە بەڵکو خودی دەسەلأتیش زۆر جار گوتارێکی دینی هەیە کەوا دەکات لەگەڵ ئەو توێژانەدا خاڵێکی هاوبەشی هەبێت.

من پێم وایە دەسەلأتی کوردی دەبێ سوپاسگوزاری ئەو نووسەرانە بێت کەخوێندنەوەیەکی جودایان بۆ ڕووداوەکان هەیە. ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر دەبێ زۆر سوپاسگوزاری ڕێبوار سیوەیلی بێت چونکە بەبێ پارەو پول هەندێ لایەنی شارەکەیان بۆ شیدەکاتەوەو باس لەدیاردەی شێخ زانا دەکات، لەکاتێکدا دەسەلأتی ئەو دەڤەرە تاوەکو ئێستاش هیچ شیکردنەوەیەکی بۆ ئەو حاڵەتە نیە. یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەبوایە پارەی دنیای بۆ بەختیار عەلی هەلّڕشتایە بۆ ئەوەی درێژە بەشیکردنەوەکانی بدات لەسەر کارەساتەکەی خێڵی حەمە چونکە خودی یەکێتی نیشتیمانی هیچ شیکردنەوەیەکی جیدی و تازەی بۆ ئەو کارەساتە نەبوو و بەهەمووشیانەوە نەیانتوانی دێرێکی گرینگ بەئەندازەی نووسینەکانی بەختیار لەو بارەیەوە بلێن. ئەوان بەپێچەوانەوە بەگوتارێکی هێندە دینی و تەقلیدی باسی ڕووداوەکەی خێڵی حەمەیان دەکرد کەزۆر لەگوتاری تیرۆرستەکان دینی تربوو ئەمە لەکاتێکدا کەبواری ئەوە هەبوو شتی زۆر تازەو جیدی بنوێنن.

تەنها لەماوەیەکی کورتدا سێ نووسەری کورد بێحورمەتیان بەرامبەر کراوە چونکە دەستیان لەدەسنیشانکردنی ئەو خەوشانەدا هەبووە. بەم شێوەیە دەیانویست رێگە لەروحی رەخنەگرانەی نووسەرانی کورد بگرن. لەئاستی یەکەمدا کۆمەلێک مەلاو کۆلکە مەلا هێرشێکی گەورەیان کردە سەر مەهاباد قەرەداغی چونکە لەوتارێکی گۆڤاری گولاندا پێوەرە تەقلیدییەکانی کۆمەلگای خستبووە ژێر پرسیارەوە. مەهاباد یەکێکە لەو نووسەرە ژنانەی کەزۆر ئەکتیڤانە لەبواری ئافرەتاندا کاردەکات. ئەمرۆکە هیچ ئافرەتێکی کوردمان نیە بەئەندازەی ئەو کتێبی هەبێ و بەئەندازەی ئەو چالاکانە کار بکات و رەخنە بگرێت. من بەهەموو شێوەیەک چاوەروانی ئەوەبووم سەرنووسەری گولان پشتگیری لەمەهاباد بکات و داوەری لەنۆرمە تازەکان و پێشکەوتنی کۆمەلگا بکات کەچی بەپێچەوانەوە سەری بۆ داخوازی مەلاکان دانەواند.

لەئاستی دووەمدا لەبەر ئەوەی حەمە سەعید حەسەن لەسیمینارێکدا رەخنەی لەهەندێ بواری ئیسلامدا گرتووەو بەتایبەت ئەو مەسەلانەی هاوپەیوەندن بەئافرەتەوە بۆیە رەخنەیەکی زۆر توندی لێگیراو هەرایەکی زۆری لەسەر دروستبوو. لەهەمووشی سەیرتر ئەوەیە لەبەر ئەوەی کۆمەلێ گەنج ریپۆرتاژێکیان لەسەر ئەو سیمینارە بۆ سەتەلایتی کوردستان ئامادەکردبوو سەرجەمیان بەشێوەیەک لەشێوەکان ناچارکران دەست لەکار بکێشنەوەو خودی سەتەلایتیش بەبایارێک بۆ ماوەی 24 کاتژمێر داخرا. مرۆڤ لەو ساتوکاتانەدا چاوەروانی ئەوە لەبەرێوبەری سەتەلایتەکە دەکات بەرگری لەئازادی راگەیاندن و کاری کارمەندەکانی بکات کەچی بەپێچەوانەوە هەلوێستێک وەردەگرێت کەلەبنەڕەتدا پشتیوانکردن و سەردانەواندنە لەئاستی ئەو هێزە ئاینی و تەقلیدییانەی هەرایان لەسەر حەمە سەعید حەسەن دروستکرد. ئەم هەنگاوە تەواو شتێکی ناهاوچەرخ و نادروست بوو. ئەگەر هەر کەسێک خەتای کردبێ لەم مەسەلەیەدا ئەوە خودی نووسەرەکەیەو دەبوایە لۆمەکان رووبەرووی ئەو بکرابانایەوە نەک سەتەلایت و کارمەندەکانی سەتەلایت. دەبێ ئەوەش بلێم کەهەموو نووسەرێک مافی خۆیەتی بەئازادی رەخنە بگرێت و شت بنووسێت بەبێ ئەوەی سڵ لەکەس بکاتەوە، جا تەلەفزیۆن سەربەستە لەوەی باسی ئەم یا ئەو سیمینارە دەکات یا نایکات.

لەئاستی سێیەمدا کاتێک رۆشنبیرێکی وەکو رێبوار سیوەیلی زۆر وردبینانە دەیەوێ شیکردنەوەیەک بۆ حالەتێکی گرینگی وەکو شێخ زاناو ئەو ژینگەیەی شێخ زانای دروستکرد بخاتەروو، ئەنجومەنی هەولێر دانی خۆیان تیژدەکەن و رێبوار بەچەندەها وشەی ناشیرین بریندار دەکەن کەهەریەکێک لەو وشەو ناوناتۆرانە شایەنی ئەوەن چەندین وتاریان لەسەر بنوسرێت . من پێم وایە دەبوو ئەنجومەنی شاری هەولێر سوپاسگوزار بوونایە کەنووسەرێکی بەدیقەتی کوردو میوانێکی بێگانە رەخنە لەدیارەکانی کۆمەلگاکەیان دەگرێت، نەک ناووناتۆرەی ناشایستەی بۆ هەلبەستن و هەوڵ بدەن ناوی بزڕێنن و ئەو مەلایانە هارکرانە گیان مەهاباد قەرەداغی و حەمە سەعید حەسەن جارێکی تر هاربکرێنە گیان رێبوار سیوەیلیش. ئاخر ئێمە لەکۆمەلگایەکی تەقلیدیدا ژیان دەکەن کەدەسەڵات بەفیکەیەک دەتوانێ سەدەها هەزار کەس لەدژی نووسەرەکان بێنێتە سەرجادەو تف و نەعلەتیان لێبکەن. رێبوار رۆشنبیرێکی وردبین و رەخنەگرەو زۆر بەمەسئولییەتەوە شیکردنەوەی بابەتیانەی حالەتەکان دەکات. بەڵام حیکمەت و قەدەری ئێمە لەوەدایە زمانی نووسەری کورد و زمانی دەسەڵاتی کوردی دوو زمانی زۆر لەیەک دوور جودابن و هیچیان لەیەک نەچێت. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر بهاتایەو رێبوار ئەو هەموو قسە ناشیرینانەی بەئەنجومەنی هەولێر بکردایە دوور نەبوو بەتومەتی ناوزڕاندن بیاندایە دادگا.

گوتارەکەی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر و گوتارەکەی رێبوار دوو گوتاری تەواو لەیەک جودان و خاوەنی دوو زمانی جیاواز و دوو ناوەرۆکی جیاواز و تەنانەت دوو فۆرمی جیاوازیشن. لەیەکەمیاندا هەرەشەو ناو زڕاندن و قەڵس بوون بەوەی باسی راستیەکان دەکرێ و بازدان بەرەو سنوری بێحورمەتیکردن بەمرۆڤ و نکولێکردن لەواقیعێکی شێوێندراو هەرەشەکردن و بەردەبارانکردن و کۆمەلێ شتگەلی لەم بابەتانە بەدی

دەکرێن، لەکاتێکدا لەگوتارەکەی رێبواردا ئەگەرچی بەسەرپێیش بێت شیکردنەوەو روونکردنەوە زمانی رێزو بانگەوازکردنی ئەوانی دی بۆ تێگەیشتن و گۆڕینی ئەو واقیعە شێوێندراوەو گەرانەوە بۆ حیکمەتی عەقڵ بەدی دەکرێ. بۆیە من لەوە دڵنیام کەزۆرینەی ئەنجومەن ئەگەر هەمووشیان نەبێت لەوشەکانی رێبوار نەگەیشتوون و نەشیانزانیوە باسی ناوەرۆکی چ شتێکی جەوهەری دەکات. من لەوە دڵنیام کەئەنجومەنی هەولێر یا بەلایەنی کەمەوە ئەوانەی وتارەکەیان نووسیوە بەهیچ شێوەیەک لەگوتارەکەی رێبوار نەگەشتوون و بەم زووانەش ناگەن. من پێم خۆش نیە بەو زمانە رەهایە قسە بکەم چونکە مرۆڤ ئەگەر ئەمرۆ لەشتێک نەگەشت ئەوە سبەی یا دوو سبەی لێی تێدەگات، بەڵام هەرکەسێک لەوتارەکەی یا بەیاننامەکەی ئەنجومەن بروانێت ئەوەی بۆ روونەبێتەوە ئەوان هەموو چەمک و فیکرەکانی ناو وتارەکەی رێبوار رەتدەکەنەوە بەبێ ئەوەی لەو فیکرو بەها تیۆرییانە شارەزاییان هەبێت یا قبولی بکەن. ئاخر بەشێک لەو فیکرانە بەرهەمی تیوری چەندین ساڵەی جیهانێکە زۆر لەئێمە پێشکەوتووتر. من هیوادارم رێبوار سیوەیلی لەبەشەکانی دیکەی نامەکەیدا کە بۆ ئەنجومەنی هەولێرو پارێزگای هەولێری دەنووسێت (کەلەهاوڵاتیدا بڵاودەبنەوە) شیکردنەوەکان بەزمانێکی زۆر سادەتر بخاتەروو بۆ ئەوەی هەموو ئەندامانی ئەنجومەن لێی تێبگەن و هیچ لێلییەک نەمێنێتەوە.

ئەم هەولانەی دژ بەم نووسەرانە دەدرێن و خەلکی بۆ تەیار دەکەن و نووسەران لەهاوڵاتیبوونی خۆیان بێبەش دەکەن ئاماژەیەک و سەرەتایەکی زۆر ترسناکە بۆ بێحورمەتکردنی نووسەرانی ئێمەو گرتنیان و بێدەنگ کردنیان لەئاست دیاردە دزێوەکانی ناو کەمەڵگادا. جاران ئەگەر بەرزانی خوالێخۆشبوو ناسنامەی نیشتیمانپەروەری نەدایە یەکێک ئیدی ئەو کەسە نیشتیمانپەروەر نەبوو و بەخائین دەناسرا، بەڵام ئەمرۆ هەموو کەسێک نیشتیمانەکەی لەناو دڵیدا هەڵگرتووەو پێویستی بەگەواهی حیزب یا ئەنجومەنی شارەکان نیە بۆ ئەوەی بەهاوڵاتی و نیشتیمانپەروەر بناسرێت.

من زۆرم پێ ئاساییە کەتوێژە تەقلیدییەکان رەخنەی خۆیان بگرن بەڵام ئەوەی سەیرە کەدەسەڵات و دامودەزگاکان پشتی ئەوان دەگرن و رێگە بۆ زەوتکردنی ئازادییەکانی نووسەر خۆش دەکەن. ئەوەم پێسەیرە کاتێک ئەو دەزگایانە ناو ناتۆرەو زەمینەی هەڕەشەکردنێکی جیدی لەبەردەم ئەو نووسەرانەدا فەراهەم دەکەن. ئەم سێ نووسەرە تەنها نموونەیەکی بچوکە لەگۆڕەپانی رۆشنبیری ئێمەدا کەتا دێت تەشەنە دەکات. تۆ بڕوانە سەرجەمی ئەوانەی هەرایان لەم سێ نووسەرە دروستکردووە تەنها یەک کتێبیشیان نیە ئەمە لەکاتێکدا تەنها ئەم سێ نووسەرە نزیکەی **40** کتێبی چاپکراویان هەیە و کەسیشیان خائین نین و هیچ کەسیش لەئێمە تاوەکو ئێستا لەدڵسۆزی و نیشتیمانپەروەرییان دوودڵ نیە. ناوزراندن و هەرەشەکردن لەم نووسەرانە مانای هەرەشەکردنە لەچل کتێبی کوردی کەجێگەی رێزی ئێمەن.